www.kurdistannet.org
29-8-02 21:15:46

# سـەرەتــايەك

ســـەفـين عـەلی

پادشای هەموو کۆتاییەکان و
دەسرازەی مێردەزمەکان خۆم بووم. .
تەنها لە نێو شیرازەی سەرکەوتنا،
خۆم دەناسی، بزەی سەر لێوم دەباراند. . . .
کەچی، تەڵەی تەقیوی سەردەمێك، بوو بە میداڵ. .
هەگبەی ناز و بوخچەی بووکە بێ بزەکان،
بوون بەکەرنەڤاڵی بێ چرپەی رەنگ. .
دیسانەوە دێمەوە سەر رێگای هەمان مەبەست
دیسانەوە کەلەپچە دەکرێم بە هەمان تاوان
شنەی ئەم پایزە نامۆیە لام،
نەقشی ئەم هەتاوە، بێ ئەندازە تەلبەند دەرازێنێتەوە
لە هێمنیەك دەڕوانم، شەتڵی نیە
لە بێ باوەڕیەك ورد دەبمەوە، زۆر دەگمەن و باوە
لە سەفەرێك دەگەڕێم، بێ وێستگەیە
لە دەردێك دەدوێم، بێنووزەیە
دیسانەوە، بێزاری ماڵم بۆ ساز دەکات
دڵقرچانی بێ سەلیقە،
لەم پێ دەشتە بێ هاوتایە باوەشێنم دەکات
نازانم خۆم یان دڵەکان بڕەنجێن ڕەواترە،
چونکە تەنها ئەو پەڵە گۆشت و خوێنەمە،
بە نەشتەری خورپەی لە دەست چوونێك داغ دەکرێ. . .
ئەوانیش،
وەك تراویلکەی بەهارێکی پیر ون دەبن
ئاوا دەبن و خۆم دەگەوزم لە وەنەوزما
لە نووچدان و پێکەنینی شەوگارما
خۆ دۆزینەوە و پشکنینی ڕۆژگارما
تازە نین ئەو داستانانەی ڕاو دەنرێن
گەرم نین ئەو شیعرانەی بێ مەبەست دەزێن

کەنەدا 2002
alexali40@hotmail.com